سەماحەتی حەکیم : بودجەی سیانی بەهەی بوونی توانای دارایی وەات دەکاتە مەیدانەکی کارکردن

دوێنێ دووشەممە بەرواری 18-9-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ستیفن هیتشن بالیۆزی تازەی بریتانیا لە عێراق، لەم دیدارە سەماحەتی حەکیم هیوای سەرکەوتنی لەکارە دیبلۆماسییەکەی بە بەڕێز بالیۆزی تازە خواست و دووپاتیشی کردەوە کە کرانەوەی عێراق بەووی دەروبەری و بەووی جیهان گرنگی زۆری هەیە و ئەو خواستەش لە ئارادا هەیە و بەو ئاراستەیە دەڕوات، بە ئەوەی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی بەتە دی و سەروەری وەاتەکەش بپارێزێت.

سەماحەتی ئاماژەی بە سروشتی گەڕانکارییەکانی گەڕەپانی عێراقی بەخێیەوە بینیوە کرد و گوتی بودجەی سیانی وەات دەکاتە وەرشێیەکی کارکردن بەهەی ئەو بەڕێ پارێیە زۆرە و ئەو هەموو پرۆژە خزمەتگوزاری و بیناسازییە و گەشەپێدانەی ئەنجام دەدرێت، ڕوونیشی کردەوە کە دەبێت سەقامگیری عیراق پارێزراو بێت لەبەر ئەوەی ئەوە بە بەرژەوەندی سەقامگیری هەرەمی و نەودەوەتی گرنگی هەیە.

سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی چاکسازی کارگێری لە وەات کرد و گوتی زۆر مەینەتیمان بینیوە بەهەی دەست تەوەردان و پاشکۆی هەندێك یاسا کە دەبێت جارێکی دیکە ئەکتیف بکرێنەوە و یاسای تازەش دەربکرێت کە لەگەڵ ئەو ڕکابەرییانە و چانسە بەردەستەکان دەنگونجێن.